## ئالوگۆڕ لە خزمەتەکانی کارخوازانی بێکار تا لە پیرکانمائا لە ڕۆژی ۱ی ۸وە

شارۆچکەی ماڵت (تامپێرێ، کانگاسالا، لێمپەئەلە، نۆکیا، ئۆرڤێسی، پیرککالا، پونکالایدون، ساستامالا، ڤێسیلاهتی یان ئویلۆیەرڤی) لە ڕۆژی ۱.۸.۲۰۱۷وە بەرپرسیارە لە خزمەتەکانی کاردۆزینەوە، نە نووسینگەی کار و ژیان ("تێئێ-تۆیمیستۆ") پیرکانمائا.

### بەخێرهاتنی موشتەریەکان دەکەین

بە پێی زانیاریەکانی کە لە نووسینگەی کار لە پیرکانمائا بە دەستمان گەیشتووە وەکو موشتەرییێکی خزمەتگوزاریەکانی کارخوازان نەقڵ دەکرێت سەر نووسینگەی کار لە شارەوانیی خۆت. ئالوگۆڕیەکانی مۆدێلی خزمەت هیچ کارتێکردنەوەییێکی لە سەر پارەی بێکاریت نابێت بەڵام مسۆگەر بکە کە داوانامەی کارخوازیت بەردەوامە.

### کارمەندێکی بەرپرسیار بۆ یارمەتیکردنت لە کار پەیداکردن دا دانراوە

دوای ڕۆژی ۱.۸.۲۰۱۷ خزمەتەکانی کارخوازی لە لایەن شارەوانیی شارۆچکەی خۆتەوە پێشکەش بە تۆ دەکرێت و هەروەها کارمەندێکی بەرپرسیار بۆ کارەکانت دادەنرێت. ئەو لێکۆڵینەوە لە سەر بارودۆخەکەت دەکات و یارمەتیدەرت دەبێت لە کار پەیداکردنەوە دا.

### ئێمە پەیوەندی لەگەڵ دەکەین

لە خزمەتگوزاریەکانی شارۆچکەی تۆوە بەر لە ڕۆژی ۲۹.۹.۲۰۱۷ پەیوەندی لەگەڵت دەکرێت. دەتوانیت بۆ ئەو پەیوەندیە هەر لە ئێستاوە خۆت ئامادە بکەیت. بۆ نموونە بیر لەم شتانە بکەرەوە:

- یارمەتییێکی چۆنت دەوێت بۆ پەیداکردنی کار؟
- کارزانیەکەت پێویستی بە چی نوێکردنەوە هەیە؟
- ئایا پێت خۆشە کۆمپانیای خۆت دامەزرێنیت؟
- چی شتی هەن کە کارتێکردنیان لە سەر کارخوازی و کاروەرگرتنت هەیە؟

### دەبێت تۆ چی بکەیت؟

**ئەگەر بەر لە ئێستا ڕێککەوتبیت لەگەڵ نووسینگەی کار لە پیرکانمائا سەبارەت بە چاوپێکەوتنەوە، خزمەتەکان یان ئەرکێکی دیکە، دەبێت لە کاتی دیارکراو دا ئەوها بکەیت بۆ کە کارخوازیت بەتاڵ نەبێت و پارەت هەر بێت. هەروەها پەیوەندی بکە لەگەڵ ئەو شارەوانیە، کە لەمەو بە دوا کاروباری کارخوازیت لەگەڵ دەبێت.**

ئەگەر سەبارەت بە هیچ ئەرکێک یان خزمەتێکی بەڕێوە لەگەڵ نووسینگەی کار ڕێک نەکەوتبیت، دەتوانیت بە ئارامی چاوەڕوانی پەیوەندیکردنەوە لە لایەن شارەوانیی خۆتەوە بیت.

ب ئاله بیرت بێت که هەمیشه زانیاریەکانی پەیوەندیکردنت ڕاست بن له سەر خزمەتگەی نووسینگەی کار
te-palvelut.fi > Oma asiointi.

کەناڵی بەڕێوەبردنی خزمەتەکان هەر هەمان خزمەتگەی ئینتەرنەتیی جاران دەبێت که دەتوانیت زانیاریەکانی خۆت تێیدا ببینیت و ئەگەر پێویست بێت بگۆڕیت و بەم ناوە یە

Oma asiointi

### گۆڕانکاریەکان کێ لەخۆی دەگرێت؟

گۆڕانکارییەکه له هەرێمی پیرکانمائا ئەو تەقریبەن ۲۲۰۰۰ کارخوازی بێکار له خۆی دەگرێت، که مافیان هەیه پارەی بێکاری (پارمەتیی بازاری کار یان پارەی ڕۆژانەی بنچینەیی) له "کێلا" وەربگرن. ئەو موشتەریانه له سیستێمی زانیاریی موشتەریەکانەوە له نووسینگەی کار و بژێوەوە (تێئێ-تۆیمیستۆ) نەقڵ دەکرێن بۆ موشتەریاتیی شارەوانی. مانگی هەشت له خزمەتکردنی موشتەریەکان دا ماوەی ڕاگواستنەوە یە.

### گۆڕانکاریەکه له سەر چی بناخەیێکه؟

گۆڕانکاریەکه پەیوەندیداره لەگەڵ تێکۆشانێکی هەرێمیی خزمەتگوزاریەکانی کار و پیشەیی که له ڕۆژی ۱.۸.۲۰۱۷وە دەست پێ دەکات له هەرێمی پیرکانمائا که تێیدا شار و شارۆچکەکانی دەڤەری تامپێرێ و هەروەها ساستامالا و پونکالایدون هەوڵ دەدەن خزمەتگوزاریی کاریگەر و بە پێی پێویستییەکانی موشتەریەکان پێشکەش بکەن.

گۆڕانکاریەکه له سەر بناخەی یاسای خزمەتگوزاریی کار و پیشه یه له تێکۆشانی هەوڵ دانەوەی خزمەتگوزاریەکان له لایەن شارەوانیەکانەوە.

### Information in other languages / زانیاریی زیاتر

زانیاریی زیاتر له سەر ماڵپەڕی ئینتەرنەت www.tampere.fi/tyollisyyspalvelut/tyollisyyskokeilu

wپرسیارەکانی زۆر کراون و وەڵامەکانیان له سەر ماڵپەڕی ئینتەرنەت

ww.tampere.fi/tyollisyyspalvelut/useinkysyttya

زانیاری بە ئینگلیزی و زمانەکانی دیکه Information in English and other languages

www.tampere.fi/localemploymentexperiment

زانیاریی زیاتر دەتوانیت هەروەها له شارەوانیی خۆتەوە وەربگریت له ڕۆژی ۱.۸.۲۰۱۷وە:

شاری تامپێرێ، تەلەفۆن 127 8064 040 یان 6581 801 040
شارۆچکەی کانگاساڵا، تەلەفۆن 2345 467 050
شارۆچکەی لێمپەئەله، تەلەفۆن 7771 133 040
شاری نۆکیا، تەلەفۆن 4773 133 040
شاری ئۆریڤێسی، تەلەفۆن 2651 432 050 یان 9270 133 040
شارۆچکەی پیرککاڵا، تەلەفۆن 5796 133 040
شارۆچکەی پونکالایدون، تەلەفۆن 4026 631 040
شاری ساستاماڵا، تەلەفۆن 4026 631 040
شارۆچکەی ڤێسیلاهتی، تەلەفۆن 3220 570 050
شاری ئویلۆیەرڤی، تەلەفۆن 0625 486 044

بۆ دانیشتوانەکانی تامپێری هەروەها وەڵامی پرسیارەکانییان دەدرێت لە تامپێری لە ناونیشانی

Sumeliuksenkatu 11, ۳ قاتی, 9.00–15.00. ڕۆژانی کارکردن کاتژمێر

ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن: خزمەتەکانی کار پەیداکردن لە شارەوانی

پەیامنێر: شارەوانی تامپێری

سەرچاوەی ناونیشان: تۆماری موشتەری لە نووسینگەی کار

Tiedote työttömien työnhakijoiden palveluiden muutoksesta
Kurdi
Käännetty Pirkanmaan tulkkikeskuksessa 7/2017